# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی نیوەڕۆی لە کاتی گەرمای بەتیندا ئەنجامدەدا، ونوێژی عەسر لە کاتێک کە خۆر ڕوون وئاشکرا دیار بووایە، ونوێژی ئێوارە لە دوای ئەوەی خۆر ئاوا دەبوو

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی نیوەڕۆی لە کاتی گەرمای بەتیندا ئەنجامدەدا، ونوێژی عەسر لە کاتێک کە خۆر ڕوون وئاشکرا دیار بووایە، ونوێژی ئێوارە لە دوای ئەوەی خۆر ئاوا دەبوو، ونوێژی عیشا: زوو ئەنجامیدەدا ئەگەر هاوەڵان کۆ بوونایەتەوە (لە مزگەوتدا)، ودوای دەخست ئەگەر هێشتا بە تەواوی کۆ نەبوونایەتەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی بەیانی لەو کاتە ئەنجامدەدا کە تاریکی کۆتایی شەو تێکەڵ بووایە بە ڕۆشناییەکی کەمی بەیان».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە باشترین کات بۆ ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان ڕوووندەکاتەوە، نوێژی نیوەڕۆ: کاتێک خۆر لە نیوەی ئاسمان لادەدات واتا ماوەیەکی کەم لە پاش کاتی (الزوال) ئەمیش ئەو کاتەیە کە خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندا دەبێت، ئەمە یەکەم کاتی ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆیە وئەگەر کەش وهەوا زۆر گەرم بوو لەسەر نوێژخوێنەکان ئەوا باشتر وایە نوێژەکە دوا بخرێت هەتاوەکو کەش وهەوا هەندێک فێنک دەبێتەوە؛ هەروەکو لە بەڵگەی تردا باسکراوە. نوێژی عەسر: لەو کاتەی خۆر سپی وڕوون دیارە وهیچ زەردی خۆرئاوابوونی تێکەڵ نەبووە، وباشترین ماوە بەوە ئەندازە دەکرێت: کە سێبەری هەموو شتێک هێندەی سێبەری خودی شتەکە بێت، پاش سێبەری ماوەی (الزوال). نوێژی مەغریب: لە پاش ئاوا بوونی خۆر ونەمانی بازنەکەی. نوێژی عیشا: پاش دیار نەمانی ئاسۆی سووری ئێوارەیە لە ئاسماندا، لێرەدا دەبێت حاڵەتی نوێژخوێنان ڕەچاو بکرێت، ئەگەر لە سەرەتای ماوەی نوێژدا ئامادەبوون، ئەگەر نوێژخوێنان ئامادە نەبوون ئەوا دەکرێت دوا بخرێت بۆ نزیکی نیوەی یەکەمی شەو (لە کاتی دروست بوونی بانگدان بۆ نوێژی عیشا هەتاوەکو کاتی دروست بوونی بانگدان بۆ نوێژی بەیانی؛ ئەمە ماوەی شەوە لە شەریعەتدا و دەکرێت بە دوو نیوە، وزۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە دەبێت لە پێش تەواوبوونی نیوەی یەکەم نوێژی عیشا ئەنجامبدرێت؛ ئەمیش بەهۆی زۆری بەڵگەکان لەسەر ئەم بابەتە )، چونکە ئەمە باشترین کاتە بۆ ئەنجامدانی ئەگەر نەبێتە هۆی ناڕەحەتی بۆ سەر خەڵکی. نوێژی بەیانی: پاش ئەوەی ڕۆشنایی بەیان تێکەڵ دەبێت لەگەڵ تاریکدا کە پێی دەووترێت کاتی (الفجر الصادق: بەیانی ڕاستگۆ) کە ئاسۆی بەیان بە ڕەنگێکی پرتەقاڵی ئاسۆیی زۆر بە ڕوونی جیادەکرێتە لە ڕەنگی شینی وڕەشی ئاسمان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3516